گوڵان

44

ژمارە (٨٥٢) ■ ٢٠١١/١٠/٢٤



# فرمێسکەکانی هیوا

## چیرۆکی رۆژنامەنووسیی

نووسینی: یاسین قادر بەرزنجی

**تایبەتە بە(گوڵان وکوردستانی نوێ)**

«هیوا» پیاوێکی ژیر و بەسەلیقەیەو زۆرتر لە ژمارەی ساڵانی تەمەنی، قاڵبووی خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیانە..
هاوینی عومری خۆی تێپەڕاندووەو هەر وەکو جاران پیاوی رۆژانی تەنگانەو چرای روناککردنەوەی تاریکیی رێگای کەسوکارو هاورێیانیەتی، وەك دەڵێن شیری دایکی حەلاڵیەتی..
لە شانە ئاگرینەکانی سەردەمی ئەنگوستەچاویدا بوێرو گیانبەخش بوو، کە بووە میوانی زیندانەکانیش، جەستە لاوازو بێهێزەکەی دەیانجار بە بنمیچە رەشەکانی ژوورە تەنگ و تارەکانەوە هەڵدەواسرا..
لێرەولەوێ، خوێن لە جەستەی پڕ لەزامی دەچۆڕا، بەڵام هەمیشە سێوەکەی دڵی بۆنی ژینی لێ دەهات و رۆحی ئاگرگرتووی لەگەڵ یەك بەیەکی ئاسۆکانی بەیاندا دەبووە گوڵەبەرۆژەی بەرهەتاو و دارسنەوبەری بەر باران.
هیوا، کە هەر بەتەنیا لەگەڵ خۆیدا دەژیاو مەرگ سەرەتاتکێی لەگەڵدا دەکرد، ناخی گڕی تێبەردەبوو و ئاگر جەرگ و هەناوی دەسووتاند، چونکە دەیزانی دایکە میهرەبانەکەی بەرگەی ئازاری دووریی ئەو ناگرێ و باش دەزانێ جەللادەکان ناهێڵن بۆ تەنیا ساتێ کورەکەی ئۆقرە بگرێت..
لەشەوە درێژەکانی زینداندا، لە خەون و زیندەخەونەکانیدا، دایکە رەنگ نورانییەکەی بە پرچ و سەرپۆشی سپییەوە دەهاتەوە بەرچاوی، هەردوو، چاویان دەبڕییە یەکترو بەدەنگە بەسۆزەکەیەوە لایلایەی جارانی بۆ دەکرد. هیوا بەدیدەی پڕ لە ئەسرین و گوێی پڕ لە ئاوازی خوداییەوە رادەپەڕی و دوای سڕینی چاوەکانی، لەبەرخۆوە ئەو چەند وشەیەی دەگووتەوە کە لە دووریی دایکی هۆنیبوویەوە، هیوا دەیووت:
-بەرگەی ئازاری تۆ بگرم دایە. یان بەرگەی ئازاری ئەمان....
ئەو کاتەی لە ئینفرادییەوە بخرایەتەوە یەکێك لە هۆڵەکانی ئەمنەسوورەکە، هەر کە هەناسەی نزیك هەناسەی زیندانییەکی جێ بڕوا ببوایەتەوە، ئەوا هەندێ لە تارمایی سەر دیدەکانی دەڕەوییەوە و کەمێ لە خورپەی دڵی ئارامی دەگرت و بۆ ساتێ بڵێسەی دەروونی خامۆش دەبوو..
زیندانیی بەرامبەری، چەپ بووایە یان دیموکرات، نەتەوەیی یان پێنج فەرزە روو لەیەزدان، دەبووە هاورێی گیانی بەگیانی ئە و و بەسەرهاتی فرمێسکەکانی خۆی کە بۆ پیاوە گوندنشینەکە رشتبوونی دەگێڕایەوە..
لەشەوە بێ کۆتاییەکاندا، هیوا، بەدەنگە نەرم و هێدییەکەی دەیووت:
-دەزانم هەریەکەمان دەردەسەریی زۆرمان دیوە، دڵنیام دیمەنە ترسناکەکان بڕسکی لەهەر هەموومان بڕیوە، بەڵام

من هەرگیزاو هەرگیز ئەو رووداوە لەیاد ناکەم و ئەو تاڵاوە لەبیرناکەم..
لەسەرخۆتر، هیوا کلافەی دیمەنی لەیادنەچووی سەرەتای هەشتاکانی شیدەکردەوەو دەیووت:
-دەمەو نیوەڕۆییەك لە زانکۆی سلێمانی هاتمەدەرو بەرەو وێستگەی پاسەکان دەچووم، لەئاستی گەرەکی ئیسکانی خواروو، گەمارۆی سەگەکانی «قوات خاصە» خورپەی خستە دڵمەوە، من و چەند کەسێك، وەك داری وشك هەڵاتوو، واق ورماو تەماشامان دەکرد، ئەستێرە لەسەرشانەکەیان، بە جامانەی پێچراوی سەروملی، پیاوە لادێیەکەی دەهێناو دەبردو بەعەرەبی ئەیشیراند بەسەریدا «گەواد، ئەم ریشە پیسەت هەیەو بەجامانەش سەرووچاوت دەشاریتەوە، دەزانم، باش دەزانم، نانێکت لەگەڵ چەتەکاندا خواردووە. ئەوەتا رەنگت هەر لەوان دەچێ..»، ئەو وای وت و بێچووە سەگێکیش بە هەموو هێزی خۆیەوە سرەواندییە پەنا گوێی..
پیاوەش دوای کەوتنەخوارەوەی ئەشیعە و دەرمانەکانی دەستی، توند توند دەستی گرت بە پەناگوێیەوە و بە دەنگێکی ئەوپەڕی بەرائەتەوە، تێکەڵ لە گریان و هەنسکی پاڕانەوەی منداڵانەوە پێی وتن» خوا بناسن، ئاخر هەر ئێستا لە خەستەخانە دەرچووم، ئازاری گوێم ئارامی لەبەربڕیوم و ئێوەش لێم ئەدەن، بۆ وا ئەکەن، ئێوە لە خوا ناترسن، بۆ وا ئەکەن، بیکەن بەخاتری پێغەمبەر کەساس و خاوەن منداڵم..».
هیوا درێژەی پێ دەداو بە هاورێیانی زیندانی دەووت:
-سواری پاسی پۆڵۆنی بووم و پشت لەشوفێر، رێکەوت وایکرد خانێکی خزمم بەرامبەرم بوو، بە بینینی ئەو هێندەی تر ئاگری هەناوم بڵێسەی سەندو فرمێسکەکانم بەخۆڕ هاتنەخوارەوە، خزمەکەم بە حەپەساوییەوە وتی» ئەوە چی قەوماوە، هیوا گیان پێم بڵێ چی بووە، بۆ وا ئەکەی؟»، لەترسی نەفەرەکان نەوەك ناحەزێکیان تیابێ، هێندەم پێکرا بە ئاماژە بێدەنگی بکەم، دوای پرسیارێکی تری وتم» هیچ نییە باجی ژیان، گوێیەکانم دێشێن و لە خەستەخانە بووم، هیچ نییەو چاك دەبم..».
ئێستاشی لەگەڵدا بێ، لەناو جەرگەی ئازادیدا، لەقوڵایی هۆشیاری و لێکدانەوەدا، لە تروێکی دڵنیایی و ئارامیدا، لەگەڵ هەنگاوەکانی بە پایزی تەمەندا، هەموو جارێ ئەو بەسەرهاتە زیاتر لە بەسەرهاتەکانی تر دێتەوە بیری هیوا، هەمیشە ئەو دیمەنە زیاتر لە دیمەنەکانی تر دەیهەژێنێ و فرمێسك لەچاوەکانی دێنێ..
لەگەڵ هەر توورەبوون و غەدرێکدا، لەبیستنی هەر تاوانێکدا، لەدەنگی هەر سکاڵاو هاوارێکدا، هیوا، پیاوەکەی نزیك گەرەکی ئیسکانی دێتەوە بەرچاو، کە لەگەڵ رژانی هەر دڵۆپە فرمێسکێکیدا ئەستێرە دەگریاو لەگەڵ هەر هاوارێکیدا باڵندەکان لەشەقەی باڵیان دەداو ئاسمانی ئەو ناوەیان جێدەهێشت..

yasinbarznji@yahoo.com

دەروونناس سامان سیوەیلی




# سایكۆلۆژیای بەختەوەری

یەكێك لە كێشــە بنەڕەتییەكانی مرۆڤ لە ژیاندا بریتییە لــە گەڕان بەدوای ئەو تونێل و گوزەرانــەی دەیگەیەننــە بەختــەوەری، هەموو هەوڵەكانی مــرۆڤ لەژیاندا هەر لە كاركــردن و خوێندن و گەشــت و كۆچكردن و خۆماندوكــردن و هاوســەرگیری كردن تا دەگاتە خوداپەرســتی و نیشــتمان پەروەری تێكرا بۆ یەك مەبەستە، ئەویش گەیشتنە بە كەنارەكانی دڵنیایی و ئاسوودەیی تاكو لەوێوە بگاتــە گەوهەری بەختــەوەری، بەڵام پەی بــردن بەو تونێل و گوزەرانــەی ئەم ئامانجە دەپێكن هەروا سانا نییە، بەڵكو بیری ڕۆشن و خوێندنەوەی واقعیانــەی بۆ ژیان دەوێت، ڕۆشــنی ئەو تونێل و گوزەرانە لە ڕۆشنی (بیر)ەوە ســەرچاوە دەگرێت نەك بە (لایت)ی دەســتكرد. بۆیە زۆرێك لــە مرۆڤەكان ئەگەرچــی زۆر ماندوو دەبن بۆ ژیان، بەڵام دواجــار ژیانیش جێدەهێڵــن بێ ئەوەی ڕۆح و دەروونییــان چێژی بەختــەوەری كردبێت، چونكە لەبنەڕەتدا خوێندنەوەیەكی دروستیان بۆ چەمكی بەختەوەری نەكردووە.

ئایا تۆ كەســێكی بەختەوەریــت؟ ئەمە ئەو پرســیارەیە كەدەبێت لەخۆتی بكەیت، لەوانەیە تۆ كەسێك بیت خاوەن سەرمایەیەكی زۆر بیت، یان هەر ماوەیەو سەردانی وڵاتێك بكەیت، یان خاوەن پۆســتێكی بــاڵای حكومی یان حزبی بیت، یان پێوەندییــە كۆمەڵایەتییەكانت زۆر و لەئاســتێكی باڵادابن، یان... یان... . بەڵام ئایا بەختەوەریت؟ ڕەنگــە ئەوانەی ئاماژەمان پێدان هەموویانت هەبێت، بەڵام بەختەوەر نەبیت. كەواتــە بەختەوەری لەو شــتانەدا نییە كە تۆ بۆی چوویت.

ئــەوەی بەختــەوەری بەشــتە مادییەكانــی دەوروبەرییەوە ببەســتێتەوە كەوتۆتە هەڵەیەكی گەورەوە، هەمیشە وێڵە بەدوایدا بەڵام نایگاتێ، كەواتە بۆ ئەوەی بەئامانجێك بگەیت دروســت وایە ماهیەتی ئەو ئامانجە بناسیت كەدەتەوێت پێــی بگەیت، بۆئــەوەی بتوانیــت و بزانیت چۆن هەنگاوی بــۆ دەهاوێژیت، كام ڕێگایانە دەتگەیەننــە ئــەو ئامانجــە؟ میكانیزمەكان كامانــەن كەدەتگەیەنــن؟ بەتەنیــا دەتوانیت ڕێ بكەیت بــەرەو ئامانجەكەت یان هاوكاری كەسانی ترت پێویستە؟

ئەوەی ئێمە قســەی لەسەر دەكەین لەم وتارەدا بەختەوەرییە، واتە ئامانجەكە لێرەدا بەختەوەرییە. كەواتە دەبێت بزانین بەختەوەری چییە؟ ڤێللا و ئۆتۆمبێل و پارە و پۆستی بەرزە تا هەر كەسێك پێی بگات ئیتر بەختەوەرە یان شتی تر؟

ماهیەتی بەختــەوەری دەروونییە نەك ماددی، بەختــەوەری هێزێكی دەروونییە، هەســتێكی قووڵە بەئاسوودەیی، كەلوپەل نییە تاكو لەبازار بكڕدرێت، بەڵكو دەبێت لەناخدا چەكەرە بكات ئەوجــا نەشــونما دەكات، بەختــەوەری تەنیا خۆشی وەرگرتن نییە، بەڵكو لەهەمان كاتیشدا خۆشــگوزرانكردنی دڵی كەســانی تریشــە، واتە هەر وەرگرتن نییە، بەڵكو بەخشینیشــە. بۆنموونە ئەگەر بگەیتە پلەی زانایییش هەست بــە بەختــەوەری ناكەیت تاكو ئەو زانســت و زاناییــەی خــۆت نەگەیەنیتە كەســانی تر. بەختــەوەری لەوەدا نییە كــە تۆ بێ گرفت و كێشــە زیندەگی بكەیت، بەڵكــو بەختەوەری لەوەدایە پەی بەمیكانیزمەكانی چارەسەركردنی كێشــەكانت ببەیت، توانای ڕووبەڕووبوونەوەی فشارە دەروونییەكانت هەبێت، ئەمانەش هێزێكی دیكەیان پێویستە كەناوی (بڕوابەخۆبوونە)، ئایا تۆ بڕوات بەخۆت هەیە؟

بەختــــەوەری ســــنوورێك یــــان ئاســــتێكی دیاریکراوی نییە تاکو کەسانێك پێی بگەن وەك ئەوەی لەپێشبڕکێی ڕاکردندا کەسی براوە پێش هەموان دەگاتـــە هێڵی بردنەوە، بەڵکو هەموو تاکێك ئەگەر بتوانێت بەڕێژەیەکی سروشتی پێی بگات، ئەوا بەختەوەرە. لەبەرئەوەی بەختەوەری هێزێکی مەعنـــەوی ناوەکییە لەمرۆڤدا کەواتە پێوەندییەکـــی تۆکمـــەی لەگەڵ مەســـەلەی ڕۆحانییەتـــدا هەیـــە، هەر لـــەم پێودانگەیەوە دەکرێت بڵێین کەســـانی باوەڕدار زووتر و زیاتر دەتوانن پەی بەبەختەوەری ببەن ئەگەر خاوەنی هۆشیاریی دروســـت بن. بەختەوەری ڕاناکات بـــەدوای تۆدا، بەڵکـــو دەبێت تـــۆ ڕابکەیت بەدوای ئەودا، بەڵام ئەگـــەر نەزانیت لەکوێوە دەســـتپێدەکەیت و بەرەوکـــوێ هەنگاو دەنێیت، ئەوا دوچاری شکست دێیت ئەوسا پێچەوانەی بەختەوەری دەبێتە یاوەرت. ڕێگەکانی گەیشتن بە بەختەوەری هەندێکیان تاریکن پێویســـتییان بەڕۆشنکردنەوە هەیە، ئەم پرۆسەیەش پێویستی بەڕۆشـــنکەرەوە هەیە. کەواتە بۆئەوەی تۆ بە بەختەوەری بگەیت، دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەیت:

١- خۆت بناسە.

٢- باوەڕت بەخۆت هەبێت.

٣- باوەڕت بەوە هەبێت کەدەبێت و کە دەتوانیت چارەسەری گرفتەکانت بکەیت و کاروبارەکانت بەڕێوە دەبەیت.

٤- هەموو ڕۆژێك خۆت، تەنیا خۆت، لەگەڵ خۆت دابنیشـــە، تەنیا بیـــر لەدیالۆگ کردن لەگەڵ کەســـانی تر مەکـــەرەوە، بەڵکو پێش خەڵکی لەگەڵ خۆتدا گفتوگۆ بکە.

٥- گرفتەکانت جێ مەهێڵە بۆ ڕۆژگار، بەڵکو لەکات و ساتی خۆیدا چارەسەریان بکە.

٦- دەســـتەواژەی باش و هانـــدەر بدە بەخۆت، لەخۆتەوە بڕیاری پێشوەخت مەدە لەسەر خۆت بەوەی بێدەسەڵاتیت، ناتوانیت سەرکەوتوو بیت، ناتوانیت فلان پرۆژە ئەنجام بدەیت، ناتوانیت... ناتوانیت....، چونکە ئەم دەستەواژەدانە بەخود بەم شـــێوە خراپە دووچاری ئیفلیجی دەروونیت دەکات.

٧- کاریگەر مەبە بەڕەشـــبینی کەسانی تر و لاساییان مەکەرەوە.

٨- مەرج نییە بەدرێژایی ژیان بەیەك ڕێڕەو بیر بکەیتەوە، ڕێڕەوی بیرکردنەوەت بگۆڕە ژیانت دەگۆڕێت.

٩- پەلە مەکـــە لەئەنجامدانی کاروبارەکانتدا، لەهەمان کاتدا فەرامۆشـــکاریش مەبە، بەڵکو هەر کارەو لەکاتی خۆیدا ئاکامی دەبێت، واتە ڕێز لەکات بگرە.

١٠- هەمیشە جەخت لەخاڵە لاوازەکانت مەکەرەوە بەڵکو شانازی بەخاڵە بەهێزەکانیشتەوە بکە، تەنیا ئەوەندە ئاوڕ لەخاڵە لاوازەکانت بدەرەوە کە دووبارەیان نەکەیتەوە و پەندیان لێوەربگریت.

١١- بەڕەشبینییەوە لەشت مەڕوانە، هەمیشە بەگەشبینییەوە مامەڵە لەگەڵ پێشهاتەکاندا بکە.

١٢- کاتێـــك دەســـت دەدەیتـــە کارێك یان پرۆژەیـــەك، هەموو هەوڵەکانـــی خۆتی بۆ بخـــەرە گەڕ، بەڵام لەهەمـــان کاتدا هەموو ئەگەرەکان لەبەرچاو بگـــرە، چونکە ئەگەر ئەنجامی باشـــی نەبوو بانەبێتە شـــۆکێکی دەروونی بۆت.

١٣- بیرکردنەوە لەسەرکەوتن خۆی لەخۆیدا ســـەرکەوتنە، کەواتە پلان داڕێژە بۆ ئەوەی پێی بگەیت.

١٤- خـــۆت جنجاڵ و ســـەرقاڵ مەکە بە گوتی گوتی کەســـانی دەوروبەرتەوە، تەنیا گوێ بەو قســـانە بدە کەبەکەڵك و بنیاتنەرن بۆ تۆ.

١٥- وامەزانە کەتۆ تەنیا کەسیت کەگرفتت هەبێـــت، ئـــەم بۆچوونە هەڵەیە و تووشـــی ڕەشبینیت دەکات، ئەوەندەی بیر لەوە دەکەیتەوە کە بێبەختیت یان چارەڕەشیت، ئەوەندە خەبات بکە بۆ ژیان، بۆ چارەسەری گرفتەکانت.

١٦- گرنگـــی بەلایەنی ڕۆحانی خۆت بدە، هەموو دنیا لەچاوی ماددەوە مەبینە.

١٧- قەناعەت باشترین پەناگەیە کەمرۆڤ لەســـایەیدا هەست بەئاسوودەیی بکات، بۆیە هـــەوڵ بدە خۆت لەو پەناگەیە نزیك بکەرەوە نەك لێی ڕابکەیت.

١٨- گرنگی بەتەندروستی و دەروندروستی خۆت بدە.

ئەگەر تۆ لەو کەســـانەیت کاتێك کەســـانی دەوروبەرت دەبینیت لەوانەیە ئیرەییان پێببەیت یان هەســـت بەکەمی بکەیت لەئاســـتیاندا چونکە لای تۆ بەختـــەوەر دەردەکەون، ئەوا ئەم هەڵســـەنگاندنەت لەجێـــی خۆیدا نییە، چونکـــە تـــۆ کەســـەکان بەدەمامکەکانی سەریانەوە هەڵدەسەنگێنیت، گرنگ دەمامکە پۆشراوەکان نییە، گرنگ ژێر دەمامکەکانە. گرنگ ڕووکـــەش نییە، گرنگ گەوهەری ئینســـانەکانە. هەرگیز ئیرەیـــی بەپێکەنینە دروســـتکراوەکانی کەسانی دەوروبەرت مەبە، ئەوان خۆیـــان دەخەڵەتێنن، تۆ بەدوای ڕێگە ڕاســـتەقینەکانی بەختەوەریـــدا بگـــەڕێ. خۆشبەختی بۆ بەختەوەرە ڕاستەقینەکانە نەك بۆ ئەوانەی دەمامکی بەختەوەری دەپۆشن و نمایش دەکەن. بەڵام ئاســـانە، ئاسانە و هیچ گران نییە، گەر دەتەوێ بەختەوەربیت، ئەوا دەتوانیت پێی بگەیت.



# حەبخۆرێکی تەمەن ٤١ ساڵە دەستگیر دەکرێت

کاتژمێر ٢ی بەرەبەیانی ڕۆژی شـــەمە ڕێکەوتی ٢٠١١/١٠/١٥ مەفرەزەی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان لە چالاکیەکاندا هەڵسان بە دەستگیرکردنی کەسێکی تەمەن ٤١ ساڵیان بەناوی (ب.هـ) تاوانبار بە خواردنی حەبی جۆری ســـۆمەردیل، سەبارەت بەم تاوانبارە ڕاگەیاندنی پۆلیســـی هەولێر بە گوڵانی ڕاگەیاند: (ناوبراو بە مەبەستی لێکۆڵینەوە ڕەوانەی نەخۆشـــخانەی فریاکەوتن کراوە و ڕاپۆرتی پزیشـــکی بۆ وەرگیراوە، چونکە لەکاتی دەستگیرکردنی لەهۆش خۆی نەبووە و دادوەریش بڕیاری بەندکردنی تاوانباریدا بە ماددەی ٢٤٠ی یاسای سزادان.



# پیاوێکی تەمەن ٤٢ ساڵە چەند سەرخۆشێک دەداتە دادگا

ڕۆژی یەکشـــەمە ٢٠١١/١٠/١٤ لە بنکەی پۆلیسی ڕاپەڕین دادخوازێك بەناوی (ش.س) تەمەن ٤٢ ساڵە پیشە ئەفسەر سکاڵای لەسەر چەند کەسێکی ســـەرخۆش بەناوەکانی (ش) و(ح) و(ر) تۆمارکردووە و ئەو کەسانەشـــی هێناوە بۆ بنکەی پۆلیس و هۆکاری ســـکاڵا تۆمارکردنەکەشی ئەوەیە کە ئەو سەرخۆشانە دەســـتدرێژییان کردۆتـــە ســـەر دادخوازەکە، سەبارەت بەم ڕووداوە بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر بە گوڵانی ڕاگەیاند «دادوەر بەگوێرەی مـــادەی ٣٨٦ بڕیاری بەندکردنی تاوانبارانی ناوبراوی دەرکردووە».

ئا: سانە سلێمان

# بەندییەکانی گرتووخانەکان لە چاوەڕێی بڕیاری لێبوردندان



**لەساڵی ٢٠١٠ کۆنگرەی ژنیف داوای لە عێراق و هەرێمی کوردستان کردووە، چاو بەسزای لەسێداراندا بخشێننەوە**

سەبارەت بەو هۆکارانەی وایکردووە کە پەرلەمانتاران جارێکی دیکە خوێندنەوە بۆ ئەو یاسایە بکەن، پەرلەمانتار سالار محمود ئەندامی لیستی کوردستانی و سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ دەڵێت «ئێمە وەکو لیژنەی مافی مرۆڤ و بەشێك لە پەرلەمانتارانی کوردستان بە گرنگمان زانی کە جارێکی تر ئەو یاسایە خوێندنەوەی بۆ بکرێت و هەمواربکرێتەوە، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە ئێمە پێمانوایە پرەنسیپی سزا بەمەبەستی چاکسازیە و پرەنسیپە نوێیەکانیش لە ئاستی نێودەوڵەتی پشت دەبەستێت بە سزای ماددی نەوەك سزای جەستەیی، ئەمەش شێوازێکی نوێی هێناوەتە ئاراوە بۆ ئەوەی بەشێوازێکی واقیعیانە پرسی چاکسازی لە بەندیخانەکانی کوردستان بخوێنینەوە، هەربۆیە بە تێڕوانینی ئێمە کاتی ئەوە هاتووە جارێکی تر بە فایلی سزا دراون بچینەوە و بەپێی پێوەرێك کە تیایدا دادپەروەری و سەروەریی یاسا ڕەچاوبکرێت، بۆ ئەوەی کۆمەڵێك لە سزادراوان سوودمەند بن و جارێکی دیکە بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگە، هەندێکیش هەن هەقی گشتییان بەسەرەوە نەماوە و دەتوانن لەگەڵ ئەو کەسانەی کێشەیان هەیە سوڵح بکەن، ئەوانیش سوودمەند دەبن».

لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ گوڵان ئەو پەرلەمانتارە دەڵێت «ئێمە داوامان کردووە بە ڕێژەیەك بێت کە لە ٥٠٪ ئەو ماوەی کە ماوەیەتی بۆی کەم بکرێتەوە، هەر بۆیە ئەو پرۆژە یاسایە بەپێویست دەزانرێت کە لەدەرەوەی بابەتی سۆز و بە پشت بەستن بە فاکتەر و ئەو ڕاستیانەی هەن، کۆمەڵێك سزادراو لە کوردستان هەن پێویستیان بەوە هەیە لە چوارچێوە یاساییەکە گفتوگۆی لەسەر بکرێت و هەروەها قسەش لە سەر پرۆسەی چاکسازی لە زیندانەکانی کوردستاندا بکرێن».

لەبارەی ئەو زیندانیانەی کە ژمارەیان زیاتر لە ١٤٠ کەسە و فەرمانی لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە و تائێستا لە زینداندان و سزاکەیان جێبەجێ نەکراوە و بەشێکیان نزیکەی ٩ تا ٨ ساڵ دەبێت ئەو سزایەی بۆدەرچووە تا ئێستا لە زیندان ماونەتەوە، سالار مەحمود وەکو سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت «ئەوە پێشێلکارییە لەبنەماکانی مافی مرۆڤ، هەموو ڕۆژێك ئەو



کەسە هەست دەکات لەژیان بێ بەری دەکرێت لە کاتێکدا ئەو کەسە پێوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە دەرەوە لەگەڵ کەسانێك ماوە، بەڵام بەردەوام چاوەڕێی مردنیشە. سزای لەسێدارەدان بۆ کەسێکە کە هیچ دەرفەتی چاکسازی تێدانەمابێت، بۆیە دەرکردنی سزای لەسێدارەدان و جێبەجێ نەکردنی پێشێلکاریشە بەرامبەر ئەو بڕیارەی کە دادگا داویەتی و لەبەرامبەریشدا پێشێلکاری مافی مرۆڤە، چونکە ئەو کەسە هەموو ڕۆژێك ئازار دەکێشێ، بۆیە ئێمە پێمانوایە لە ئێستادا لەکوردستان سزای لە سێدارەدان جێبەجی نەکرێت و پێمانوایە پێویستە هەنگاوی جددی بنرێت بۆ نەهێشتنی ئەو یاسایە، ئێمە بیرمان نەچێت بەپشت بەستن بە ڕاسپاردەی کۆمەڵێك لە وڵاتانی دنیا لە کۆنگرەی جنیف لە ساڵی ٢٠١٠ داوایانکردووە عێراق و هەرێمی کوردستان پێداچوونەوە بە سزای لە سێدارەداندا بکات، لێرەوە جێگەی خۆیەتی کار لەسەر نەهێشتنی کاری لە سێدارەدان بکەین، ئەم بڕگەیش سەبارەت بەو کەسانەی ئەو سزایەیان هەیە کە بۆ لێبوردنە گشتیەکە جێگەی خۆیەتی لەپەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکرێت».

سەبارەت بەو دەنگۆیانەی لە دەرەوە گوێمان لێ دەبێت بەوەی گوایە ئەو بریارە بەر لە هاتنی جەژنی قوربان هەوڵدەدرێت جێبەجێ بکرێت و زیندانیەکان بە دڵخۆشیەوە چاوەڕوانن لە جەژن بگەڕێنەوە ناو خێزانەکانیان، لەمبارەوە پەرلەمانتارەکەی لیستی کوردستانی بە گوڵانی ڕاگەیاند «ئەو پرۆژەیە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، ئێمەش خوازیارین لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان پێش جەژنی قوربان ئەو پرۆژەیە بکەین بە یاسا، ئەمەش لە پێناوی کەمکردنەوەی توندوتیژی و چاکسازی و جێبەجێکردنی بنەماکان و پرەنسیپی مافەکانی مرۆڤ و دروستکردنی گیانی لێبوردەییە، لەم چوارچێوەیەدا ئەو پرۆسەیە دەبێتە بەشێك لەکەمکردنەوەی تاوان، چونکە کۆمەڵێك کەس لە زیندانیەکان توانیویانە سوود لەوکاتە وەربگرن و چاکسازی لە خۆیەوە دروست بکات».

**چاکسازی هەرێم پشتیوانی لە لێبوردن دەکات**

لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستاندا بەگشتی نزیکەی ٢٢٠٠ زیندانی هەیە، بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی کۆمەڵایەتی کە تەواو پشتگیری خۆیان نیشانداوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە و دەخوازن ئەو پرۆژەیە زوو ببێتە یاسا و زیندانیەکان لەسەر مەرجی چاکسازی ئازاد بکرێن، لەمبارەوە بەڕێوەبەری گشتی چاودێری چاکسازی کۆمەڵایەتی د.ئەحمەد نەجمەدین بە گوڵانی

**پرۆژە یاسای لێبوردنی گشتی لە ٢٠١٠/٦/٢٧ لەناو پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە و پرۆژەکەش لەلایەن ٣٥ پەرلەمانتار پێشکەشکراوە بۆ ئەوەی لێبوردنێکی گشتی بۆ زیندانیان دەربکات، پەرلەمانی کوردستان پێشتر لە ساڵی ٢٠٠٧ لێبوردنێکی گشتی دەرکرد، بەڵام ئەوە ٤ ساڵ تێدەپەڕێت هێشتا لێبوردنی دیکە دەرنەکراوە، هەربۆیە ئەو پەرلەمانتارانە بە مافێکی یاسایی دەزانن ئەو پرۆژەیە جارێکی دیکە لەناو پەرلەمان خوێندنەوەی لەسەر بکرێتەوە.**



ڕاگەیاند «ئێمە بەردەوام هەوڵماندداوە لێبوردن هەبێت، بەڵام ئەمجارە بیرمان لە لێبوردنی گشتی کردەوە، چونکە لە ئەنجامی لێبوردنی تایبەت نادادپەروەری دروست دەبوو، چونکە یەك مادە هەبوو چەند کەسێك پێی محکوم دەکرا، بەڵام دەمانبینی کەسێکی لەناو هەموو کەسەکان ئەو لێبوردنە نەیدەگرتەوە، ئێمەش هەستمان بە نیگەرانی دەکرد و چارەسەریشمان پێنەدەکرا، بۆیە ئێمە بەردەوام هاندەر بووین بۆئەوەی لیژنەکانی یاسایی و مافی مرۆڤ و کۆمەڵایەتی لە پەرلەمان کۆببنەوە بۆ ئەوەی پشتگیریمان بکەن تا لێبووردنێکی گشتی دەربچێت، هەر بۆ ئەم مەبەستە لە مانگی ئابی ڕابردوو وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی منی ڕاسپارد کە پرۆژەیەکی لێبوردنی گشتی ئامادە بکەین، دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ بەڕێوەبەرەکانی چاکسازی و بەشی یاسا، پرۆژەیەکمان ئامادە کرد و لە وەزارەت بەرزکرایەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران لە ئەنجومەنی وەزیران پرۆژەکە هیچ هەواڵێکی نەبوو، بەڵام ئەندام پەرلەمانەکان هەستان بەکارکردن لەسەر ئەو بیرۆکەیە و ئەوانیش پرۆژەیەکیان ئامادە کردووە کە پێموایە ئەو دوو پرۆژەیە گشتگیر بووە، ئێمەش پشتیوانی لەو لێبوردنە گشتیە دەکەین و بە گوێرەی یاساکە کاری لەسەر دەکەین.

### لێبوردن هیوایەك بە بەندکراوان دەبەخشێتەوە

کە دەڵێین چاکسازی، واتە دەبێ هەموو ئەو بنەما و پێداویستیانەی تێدا دەستبەر کرابێت کە بۆ چاکسازی کردنی بەندکراون یان حکومدراون پێویستن. بەندیخانەی چاکسازی دەبێ کۆمەڵێك بنەما و پرەنسیپی تێدا ڕەچاو بکرێت، لەوانە شوێنی جوگرافی بەندیخانە و جۆری بەندیخانە و ستافی بەڕێوەبەر و جۆری سیستەمەکانی ناو بەندیخانە و جیاکردنەوەی تاوانباران لەسەر بنەمای (ڕەگەز و تەمەن و تەندروستی و ماوەی حوکم و جۆری تاوانەکەیان و ...تاد) بۆ ئەوەی هەر تاوانبارێك بەپێی تایبەتمەندی خۆی پرۆگرام و بەرنامەی چاکسازی و مەشق و ڕاهێنانی بۆ دابین بکرێت، چونکە کار و ئەرکی سەرەکی بەندیخانەی چاکسازی تەنیا ڕاگرتنی تاوانبار نییە، بەڵکو ڕاهێنانەوە و ئامادەکردنەوەیەتی بۆ ناو کۆمەڵگە.

فەرەیدون بێوار تۆژەری کۆمەڵایەتی لە لێدوانێکیدا بۆ گوڵان دەڵێت «بەداخەوە، بەپێی ئەو بنەمایانەی کە چاکسازی لەسەری بەندە، بەشێکیان لە بەندیخانەکانی چاکسازی هەرێم فەراهەم نەکراون،



ئەمەش کاردانەوەی سلبی هەبووە لەسەر بەرنامەی چاکسازی و تەنانەت خودی بەندکراوەکە، بۆیە زۆر جاران دەبیستین و دەبینین کە بەندکراوێك ئازاد دەکرێت لەجیاتی ئەوەی چاکسازی تێدا کرابێت، کەچی بەداخەوە بۆتە تاوانبارێکی گەورە، چونکە لە بەندیخانەکاندا بەپێی پێویست پۆلێن بەندی بۆ تاوانباران نەکراوە و تێکەڵی و پێکەڵی و بێ سیستەمی لەمڕووەوە هەیە».

سەبارەت بە ئازادکردنی ئەو زیندانیانەو کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە و دروستکردنی گیانی لێبوردەیی، ئەو توێژەرە دەڵێت «ئەمە هیوایەك بە بەندکراوان دەبەخشێت و هەوڵی خۆچاککردن دەدەن، بەڵام بەمەرجێك ئەو هۆکارە چارەسەر بکرێت کە بۆتەهۆی ئەنجامدانی تاوان لەلای بەندکراوەکە و دەسپێکردنەوەی ژیانێکی نوێ. هەر چەندە تەنیا بە دەرچوونی بڕیارێك کەسێك نابێتە لێبوردە، ئەگەر زەمینەی کۆمەڵایەتی بۆ نەڕەخسێت، بۆیە پێویستە ئەو تاوانبارانەی کە ئازاد دەکرێن، سیستەمی (چاودێری دواینە) بەسەریاندا جیبەجێ بکرێت و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەژێر چاودێری دابن، ئەگەر هاتوو تاوانبارێکی ئازادکراو دووبارە تاوانی کردەوە، ئەوا ماوەی ساڵە حوکمەکانی ڕابردووشی بۆ هەژمار بکرێتەوە و سزاکەی دووبەرامبەر بێت)).

### هەرچەندە تاوانبارن بەڵام هەر مرۆڤن

توێژەری دەروونی کارمەند عەزیز لەبارەی دەروونی ئەو زیندانیانەوە کە ئێستا لەو ساتەوەختەوە لەباری دەروونیەکی ئاڵۆز دەژین پێویستە وەکو مرۆڤێکی ئاسایی سەیر بکرێن و دەڵێت «هەر چەندە تاوانبار بن، بەڵام هەر مرۆڤن، چونکە ئەگەر خوێندنەوەی ورد بۆ باری دەروونی زیندانیەکان بکرێت، دەبینین زۆربەیان لە ئەنجامی مامەڵەی خراپی خێزان و کۆمەڵگە تووشی ئەوە هاتوون، بەمەش نەبوونی چاکسازی پێویست و تێکەڵکردنی جۆری تاوانەکانیان لەناو زیندان دۆخەکە خراپتر دەکات و هەروەها لێکۆڵینەوە بکرێت لەبارەی دەروونی ئەو زیندانیانەی کە گوایە ئازاد بکرێن، چونکە پێموایە تا ئێستا لە چاکسازیەکانی کوردستان ئەوەندە گرنگی بەلایەنی دەروونی زیندانیەکان نادەن کە خۆی سەرەکی ترین بابەتە و گرنگترین هۆکارە بۆ گەیشتنی مرۆڤ بەو شوێنە، چونکە لە هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکان پشکنین بۆ ئەو کەسانەی ناو زیندانیەکان دەکرێت کە ئەوانەی لە بارودۆخێکی دەروونی خراپن دەنێردرێنە نەخۆشخانەی دەروونی نەوەك زیندانی، بۆیە پێویستە لە هەرێمی کوردستان بەهەموو جۆرێك چاو پێخشانەوە بە بارودۆخی ئەو زیندانیانە بکرێت بۆ هەوڵدانی چاکسازی».



# ژنێكی خاوەن دوو منداڵی ناكام كۆتایی بەژیانی خۆی هێنا

❋ ❋ ❋

**دایكمم بینی دوو كورسی ڕەنگ سووری لەسەر یەكتر دانابوو بەسەری كەوتبوو لەشوێن شیشـــی پانكەی سەقفەكە پشتێنە سەوزەكەی باوكمی بە شیشـــی پانكەكەوە بەست بوو و خۆی پێوە هەڵواسی بوو.**

❋ ❋ ❋

لەگەڵ ژنەكەم ژیانمان زۆر خۆش بوو هیچ كێشەیەكمان نەبوو

لەگەڕەكی كوێســـتان لەشـــاری هەولێر ئافرەتێكی تەمەن ٥٦ ســـاڵان بەناوی (ی،غ،ع) بەپشتینی هاوســـەرەكەی لەڕۆژی یەك شـــەممە٢٠١١/١٠/٩ كۆتایـــی بەژیانی خۆی دەهێنێت، هاوسەرەكەی (ئـ،غ) تەمەن ٥٢ ساڵە و مامۆستای پیشەسازی میكانیكی هەولێرە، لە ســـاڵی ١٩٧٨ ژیانی هاوســـەرگیری لەگەڵ (ئـ) پێكهێناوە و دەڵێت «لەگەڵ ژنەكەم ژیانێكی زۆر خۆش و بێ كێشەمان هەبوو، خاوەنی ٤ منداڵ بووین دوو كوڕ و دوو كـــچ، بەڵام دوو كچەكەم ناكامـــەكان بوون گەورەكەیان بەناوی ف لـــە دایكبووی ١٩٩٩ و بچووكەكەش بەناوی ف.م لەدایك بووی ٢٠٠٥ـە، لەو چەند ساڵەی تەمەنمان كە پێكەوە ژیاوین زۆر یەكترمان خۆشدەویست و ڕێزمان لەیەكتر دەگرت، بەڵام ژنەكەم لەســـاڵی ١٩٨٣ تووشی نەخۆشی دەروونی بوو، زۆر بەتونـــدی (صرعی) دەگرت، زۆر هەوڵمدا چارەســـەری بكەم، بەڵام چارەسەری نەبوو، سەردانی زۆر پزیشكمان كردووە هیچ سوودی نەبووە».

لەدرێژەی قسەكانیدا هاوسەری (یـ) پێی وتین «چەندین جاری دیكەش خێزانەكەم بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە بەربۆتەوەو گیانی ســـووتاوەو هۆشی نەماوە، هەروەها پێشتریش چەند جارێكی تر هەوڵی خۆكوشتنی داوە، بەڵام ئێمە پێمان دەزانی و ڕێگەمان

لێدەگــرت و دواجار لە ڕێکەوتــی ٢٠١١/١٠/٩ بەیانیەکەی لەخەو هەڵســاین و نانی ئامادەکرد و منداڵەکانی بۆ قوتابخانە نارد و منی بەڕێ کرد هیچ کێشەیەکی نەبوو، منیش چووم بۆ دەوام کاتژمێــر ٩ی بەیانی کوڕە گەورەکەم تەلەفۆنی بۆم کرد و گوتی وەرە دایە خۆی خنکاندووە، ئێستاش لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنــی هەولێرین، من بــڕوام نەکرد، بەڵام دوای ئەوەی گەیشتمە نەخۆشــخانە بینیم لەژێر چاودێری پزیشکەکان بوو خەریك بوون (تنفــس صناعیـ)ان بۆ دەکرد، بەڵام ســوودی نەبوو گیانی لەدەستدا بوو، ئێمە سکاڵامان لەسەر کەس نییە، چونکە ئــەوە ڕووداوێکی قەزاو قەدەر بــووە و ژنەکەم خۆی دەستی چۆتە گیانی خۆی و خۆی خنکاندووە».

دایکم پێشتر چەندین جار هەوڵی خۆ کوشتنی داوە
بەڵام ڕێگریمان لێکردووە


(م،ئ،غ) کــوڕە گەورەی ئەو ژنەیە و لە ســاڵی ١٩٨٨ لە دایك بووە و پیشــەی شــوفێرە و دەڵێــت «دایکم چەندینجار نەوتی بەخۆی داکردووە بۆ ئەوەی خۆی بسووتێنێت یان خۆی بخنکێنێــت، بەڵام نەیتوانیوە دواجار لــە ٢٠١١/١٠/٩ کاتێك لەکاری خــۆم گەڕامەوە ماڵ و چوومە ژوورەکەم و لەســەر جێگاکەی خۆم پاڵکەوتم بۆ ئەوەی پشوویەك بدەم نزیکەی ١٠ خولەکەی نەبرد گوێم لە تەپەیەك بوو سەرەتا گرنگیم پێ نەدا، بــەڵام دوایی گوتم نەوەك دایکم بێت و هەڵســام زۆر بەدوای گەڕام و بانگــم کرد نەمدۆزیەوە، دواتر بینیم لە حەوشــەی دەرەوە کە دەکەوێتە دوای چێشــتخانە بینیم دایکم دوو کورسی سووری لەسەر یەکتر داناوە و چۆتە سەر کورسیەکان و بەهۆی پشــتێنەکەی باوکمەوە بەشیشــی پانکەکە خۆی هەڵواسیوەو خــۆی پێوەکردووە، منیش هاوارم کــرد و براکەی ترم هات و پێکەوە لە پشــتێنەکمان کردەوە، هەســتمان کرد هێشتا گیانی لەدەســت نەدابوو، هەر بۆیە بە پەلە بردمان بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتن و دوای هەوڵێکی زۆری پزیشکەکان هیچ سوودی نەبوو گیانی لەدەستدا».

ئەوکــوڕە باس لەژیانــی ماڵەوەیــان دەکات و دەڵێت: هیچ کێشەیەکیان نەبووە لە ژیانێکی خۆشدا ژیاون، تەنیا کێشەکە لە نەخۆشی دایکیان بووە و چەندین جاریش هەوڵی چارەسەرکردنیان بۆداوە، کەچی چارەســەری نەبووە لە کۆتایید ئەو ڕووداوەی لێکەوتەوە».

دەرکەوت کە ڕوودای خۆ کوشتنە نەك کوشتن

عەقیدی مافپەروەر جەمیل محەمدئەمین سورچی بەڕێوەبەری نووسینگەی نەهێشتنی تاوان لەوبارەیەوە پێی وتین «ئاگادار کراینەوە کــە ئافرەتێك لەگەڕەکی کوێســتان لەهەولێر خۆی کوشــتووە، کە ئێمە گەیشتینە شوێنی ڕووداو بۆمان دەرکەوت ئافرەتێکی تەمەن ٥٦ ساڵە بەهۆی پشتێنی مێردەکەیەوە خۆی خنکاندووە، بەگوێرەی وتەی کەســوکاری ئــەو ئافرەتە، ئەو خانمە پێشــتریش چەند جاری دیکە هەوڵی خۆکوشتنی داوەو نەخۆشی صرعی هەبووە، بەهۆی نەبوونی بەڵگە لەسەر ئەوەی کە تاوانی کوشــتن بێت، دەرکەوت کە ئەو ڕووداوە خۆ کوشتن بووە، بۆیە دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاریدا دۆسیەی ئەو ڕووداوە دابخرێت».

# گەنجێک لە دارەشەکران بەهۆی چەکی ڕاوکردنەوە گیانی لەدەستدەدا



ڕۆژی هەینــی ٢٠١١/١٠/١٢ گەنجێکی تەمەن ١٧ساڵان لەئەنجامی دەســتکاری کردنــی تاپــڕی جۆری قورمــەی ڕاو گوللەیــەك لەخۆی دەداو دوای گەیاندنی بۆ نەخۆشخانەی ڕزگاری گیان لەدەست دەدا.

نەقیب کاروان لە ڕاگەیاندنی پۆلیســی هەولێر بەگوڵانی ڕاگەیاند: لەبنکەی پۆلیســی شەقڵاوە بەنووسراوی بنکەی پۆلیســی دارەشەکران ئاگادار کراینەوە کە کەســێك کوژراوە، بۆ لێکۆڵینەوە چووینە شــوێنی ڕووداوەکە دەرکــەوت کە گەنجێکــە بەناوی (ح،و،ح) بەدەســتکاری کردنی تفەنگی تاپڕی ڕاو خۆی بریندار کردووە، دوای مانەوەی دوو ڕۆژ لەنەخۆشخانە ئینجا گیانی لەدەست داوە، گەنجەکە خەڵکی گوندی سۆرەیە سەر بەناحیەی دارەشەکان و شــاهێدی وەرگیراوە و دادوەر بڕیاری داوە لێکۆڵینەوە لەســەر ئەم ڕووداوە بەردەوام بێت و وتەی دایك و باوکی کوژراوەکە وەربگیرێت و دەســت بەسەر چەکی بەکار هاتووش دا بگیرێت».

# مامۆستایەکی زانکۆ سکاڵا لەدژی قوتابیەکەی تۆمار دەکات

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١١/١٠/١٩ بنکەی پۆلیسی کۆیە سکاڵای هاووڵاتی (ب،ع) تەمەن ٤٥ ســاڵەیان پێدەگات، ئەم هاووڵاتییە مامۆستای زانکۆیە و بە مەبەستی سکاڵا کردن لە دژی تاوانبار (ر،ت) تەمەن ٢٤ ســاڵە ســەردانی بنکەی ناوبراوی کردووە و سکاڵای تۆمار کردووە کە پیشەی قوتابیە و ساڵی پار چاودێری بەشی ناوەخۆی کوڕانی زانکۆ بووە و ئەمساڵیش دەیەوێت ببێتەوە بەچاودێر، بەڵام ســکاڵاکار ئەم قوتابییەی لەچاودێری لاداوە و بەنیازە قوتابیەکی دیکە لە جێگەی ئەو دابنێت، دواتر دەمەقاڵێ لە نێوانیان دروست دەبێ و دادوەر بڕیاری بە ڕاگرتنی تاوانبار دا بەپێی ماددەی ٢٢٩ی یاسای سزادان.



# شوانەو تەباشیرە سوورەکەی

لەو بڕوایەدام کاتێك بە هەستێکی قووڵ و ناسکەوە کیژو کوڕێك عەشق و شەیدای یەکتری دەبن، ئەم هۆگر بوونەیان بەیەکتری لێ دەبێتە تەباشیرێکی سوورو ئەو تەباشیرەش وێنەی بازنەیەك بە دەوریاندا دەکێشێت و هەردووکیان پێکەوە لە ناو هێڵە داخراوەکەی بازنەکەدا دەبەستێتەوە، چەندە ئەم دووانە لەناو بازنەکەدا بەوپەڕی هەستەوە وابەستە بن بەیەك و بە بوونی یەکترەوە بەختەوەربن، هێندەش لە قووڵایی نەستەوە هەر یەکەیان بە جودا لەوی تر نیگەرانەو ئازاردەکێشێت لەوەی کە ناتوانێت بە ئازادی و بە کەماڵی بڕیاری سەربەخۆی خۆیەوە سنووری بازنەکە ببڕێت و لێی دەربچێت..

دڵنیام ئەم بۆچوونەی بۆتانم درکاند بە لای ئەو کەسانەوەی کە تا ڕادەی توانەوە بۆ (ئەوی مەعشوق) لەئەزموونی عەشقێتیدا قاڵ بوویێتنەوە، لۆژیکییە، بەڵام سەبارەت بەم ڕووداوەی لە شوانی کوڕی برادەرێکمان ڕوویدا زۆرسەیرو ئەنتیکەیە، ڕەنگە چەندین کەسی تری وەك شوانە هەبن کە لە یەك ئان و ساتدا لە بری بازنەیەك بەکۆمەڵێك هێڵی سوورەوە چەندین وێنەی بازنەی تریان کێشا بێت و هەر لە کیژەدراوسێکەیانەوە تا چەند کیژێکی خزمان و ئەوەشی کە لەسەر دەخیلەی مارکێتێك کاشیرەو تەنانەت وەك شوانەی بەنازپەروەردەکراو کە جگە لە بازنەکانی کە کێشاونی و چەندینی بەخۆیەوە گیرۆدە کردون، لە هەوڵدایە کیژی مامۆستاکەی خۆیشی لە بازنە بنێت، کیژەکان یەکێکیان لووت قنجی ئەسمەرەو ئەوی تریان چاو شینی پێست پەمەیی و تا تێکسمراوی وەرزشوان و پرچ قەترانی شێوە نەفرتیتی و ...

ئەوەی قوڕە سوورەکەی ناو هێڵە سوورەکانی خەستتر کردبێتەوە ئەوەیە؛ هەندێ لەم کیژانە ئاگادارن کە شوانە چەشنی بووکۆڵەکان ئەمانی لە بازنە داناوەو گەمە بە هەست و سۆزیان دەکات، کەچی تەنیا بەو مەرجەی بکەونە ناو بازنەیەکیەوە جگە لە ژمارە یەکەمین بە هەموو ژمارەکانی تر ڕازین، جار هەبووە شوانە لە ڕۆژێکدا تا شەو درەنگانێ لە ناوچوار بازنەیدا چوار کیژی بەسەرکردونەتەوەو بۆ هەر یەکێکیان سیناریۆیەکی بەکارهێناوە تا چوارماچی تەڕوپاراوی دەسکەوت بێت..

دڵنیام کە ئێستا هەندێکتان دەڵێن ئینجا ئەمە کەی عەشقێنیە، بەڵکو قەشمەرجارییە، ئەو پەڕی حەیاچوونیشە، کارێکەو قبوڵ ناکرێت، خۆ دۆن جوان نەگەڕاوەتەوە، یان خۆ یوسفی زەمانی نییە تا کیژە پرتەقاڵ بەدەستەکان لەتاو قەشەنگی وی بە چەقۆی میوە دەستی خۆیانی بۆ ببڕن....

دە کەواتە با ئەم ڕاستییەشتان لا بدرکێنم، لەبەر ئەوەی شوانە بە سێ ساڵ جارێك پۆلێکی دەبڕی، ئێستا لە ئامادەیی شەوانەدا دەخوێنێت، هیچ کارو پیشەو بەهرەیەکی لە هیچ بوارێکی ژیاندا نییە، تەنیا ئەوە نەبێت باوکی ساڵانێك ویژدانی خۆی لە ساردکەرەوەیەکدا بەجێهێڵاو ڕەنجێکی زۆری کێشاو پشتەملی چەند شێری بازاڕی گرت و ئاوەڕووتی کردن تا ئێستا بەڕێزیان یەکێکن لەدەوڵەمەندە خێرخوازەکانی ئەم شارەو خۆی گەیاندۆتە پاڵ پیاوەخانەدانەکان، شوانەش پارەی دۆلارو یۆرۆی لە گیرفانەو ماشێنی غەواسی لە ژێردایەو زنجیرە زێڕی عەیار ٢٤ی لە ملدایەو مۆبایلی ئای فۆنی بە گوێوەیەو جلوبەرگی گرانبەهای لەبەردایەو بتڵەویسکی ئەڵمانی لە دەشپولدایەو شووشە عەتری چوارسەد دۆلاری لە باخەڵدایە، کە بەڕێوەیش دەڕوات خۆی دەلەنجێنێت و بەئەنقەستەوە لە کاتی پەیڤیندا وەك چۆن لە هەڵپەڕکێیەکدا بێت، ئاوها شان دەلەقێنێت، ئیتر لە ناوەڕۆکدا هەموو لاپەڕەکانی ناخی بەس وێنەی تەپکەو فاقەو تەڵەو چۆنیەتی دانانەوەیانە بۆ ئەو کیژانەی وەك خۆی لە منداڵییەوە نازی زۆریان پێدراوە، تەباشیرە سوورەکەشی لە گیرفاندایە بۆ هێڵکێشان، نەك لە هۆگربوونەوە ئەم تەباشیرە دروست بوو بێت بەڵکو بە زمانی لووس داتاشراوە، هەر ئەوەندەی یەکێکی خستە داوی بازنەوە، ماوەیەکی کورت دەستێکی پێ گەرم دەکاتەوە، کە کار دەگاتە سەر جدییات و خوازبێنی و کەی بچێتە داوای، ئیتر کەمتەرخەمانە ئیسفنجێك دەردێنێت و بازنەکە دەسڕێتەوە، هەر لەگەڵ هێڵ کێشانەکەدا، ماوەی سڕینەوەی بازنەکەی داناوە، لەم شەوانەدا باوکی شوانەی نازداری قازی بەنێ، لەدوای چەندین ساڵ یەکتر نەبینین، بە مۆبایل پێوەندیی پێمەوە کردو دوای هەواڵ پرسینێکی تەشریفاتی پێمی وت((ئەوە لە فلانی برادەرمەوە زانیم تۆ ئێستا لە جەریدەو مەریدان کار ئەکەیت، ئەوەی ڕاستی بێت ئیشێکی گرنگم پێتە، گەر بکرێت سبەی شەو بێیتە چێشتخانەی داوا، تا یەکتر ببینین)) منیش پێم وت((بڕوات هەبێت بەهۆی سەرقاڵیمەوە کاتی گەڕان و سەرخوانم نییە، بەس پێم بڵێ بزانم بەتەمای چیت، سەنتەری ڕاهێنانی خێرخوازی بۆ کەمئەندامان دادەنێیت و ڕیکلامت دەوێت!!)) کەوتە پێکەنین و وتی((بەزمی سوعبەت و ڕۆحی نوکتەی جارانت هەر ماوە، برام ئەسڵی مەسەلە شوانەیە، چەتیوێك دەستی بڕیوە، کەسوکاری چوون سکاڵایان لەسەری تۆمارکردووە گوایە ساڵانێك بەڵێنی هاوسەرگیری و شتی وای بە کچەکەیان دابێ، ئەو چەتیوە لە دژی کوڕەکەم قسەی بۆ پەیامنێری جەریدەی وانێکیش کردووە، تۆ هەوڵێ لای خۆتەوە بدەیت بەر لەوەی بڵاوبێتەوە، ئەو بوختانەیان پێ بسڕیتەوە، چەندیش دەڵێن، خۆت باشم دەناسیت، لە بری ئەوەی بیدەینە شایەت و شتی وا با صەحافەش شتێکمان لێ هەڵکرێنن کوڕی باش، خۆ ئێمە ساڵانێك برادەر بووین، ئێ تۆ چۆنی. چۆن))وتم ((سەلامەت بیت یا خوا، لێت دەپاڕێمەوە، مەمخەرە ناو بازنەی شوانەوە، سەرداری موحامی برادەرمە، بە مەسیجێك ژمارەکەیت بۆ دەنێرم، بەشکم ئەو بتوانێت شتێ بکات، دەبێ بڕۆمەوە بەلای کارەکانمەوە، شەوت شاد)) لە دڵی خۆمدا وتم دوێنێ وەرەوە، شەوە.. شەو!!



# سێکس لەدیدی هەرزەکارانەوە

**چەمکی سـێکس لەلای هەزەکاران یەکێکە لە چەمکە هەرە ئاڵۆزەکان کەهەموو کۆمەڵگەی سـەرقاڵ کردووە، لەبەر ئەوەی شـیکردنەوەی چەمکی کەسـێك لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر لەسەردەمێکەوە بۆسەردەمێکی تر دەگۆڕدرێت، بەشێوەیەك دەبێت زۆرجار چەمکی هەرزەکاری و سێکس وەك زاراوەیەکی ئاسایی قبوڵکراوە، بەڵام لەهەندێك کۆمەڵگەدا رەفزدەکرێتەوە، ئەوەی گرنگە مامەڵەکردنی زانستیانەی دایك و باوکەکانە لەگەڵ هەرزەکارەکاندا، لەبەر ئەوەی قۆناغی هەرزەکاری یەکێکە لەقۆناغە هەرە گرنگ و هەستیارەکان لەژیانی مرۆڤدا.**

بێگومان سـێکس لەقۆناغی هەرزەکاریدا زۆرترین کاریگەری لەسـەر ژیانی ئادەمیزاد هەیە، بەشێوەك پێویستە دایك و باوکەکان زۆر بەوردی مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیان بکەن و بەشێوەیەك پێویسـتە هەموو دایك و باوکێك بەشێوەیەکی زانسـتیانە هەندێك لە وروژاندنە سێکسـییەکان بۆ منداڵەکانیان روونبکەنەوە، لەبەرئەوەی نەبوونی رۆشنبیری سێکسی گەورەترین گرفت بۆ دایك و باوکەکان دروست دەکات، چونکە بەکارهێنانی توندوتیژی و سەرکوتکردنی منداڵ کێشە بۆ کەسـایەتی ئەو هەرزەکارە دروسـت دەکات، بەپێچەوانـەوە بایەخدانی زیاد لەپێویست و ناز هەڵگرتینان بەرەو هەڵدێریان دەبات، چونکە لەزۆربەی کاتەکاندا بایەخدانی زیاد لەپێویسـت گرفـت بۆ ژیانی هەرزەکارەکە دروسـت دەکات، لەمبارەیـەوە هاژە کچێکی هەرزەکاری تەمەن چواردەسـاڵە، باس لەوە دەکات کە لەخێزانێکدا دەژی کەباوك و دایکی رۆشـنبیرن و زیاد لەپێویسـت بایەخی پێدەدەن، دەڵێت (هەرچەندە باوك و دایکم زۆربایەخم پێدەدەن، بەڵام لەبەر ئەوەی باوکم سەرقاڵی کار و کاسبیە و دایکیشم فەرمانبەرە، هەتائێستا نەیان توانیوە ببنە هاوڕێی بەردەوامم).

زۆربەی هەرەزۆری شـارەزایان و پسـپۆران بە گرنگیەوە لە قۆناغی هـەرزەکاری دەڕوانن، لەبەر ئەوەی کە قۆناغی هەرزەکاری گرنگی خۆی لەژیانـی هەمووتاکەکاندا هەیە، لەبـەر ئەوەی لەقۆناغی هەرزەکاریدا مرۆڤەکان دەیانەوێت حەزو ئارەزووەکانیان جێبەجێبکەن، چونکە لەڕووی بایلۆژیشەوە هەموو تواناکانی تاکەکان بۆهەست و نەسـتەکانیان دەجووڵێـت، لەهەمووشـیان گرنگتـر ئارەزووە سێکسـیەکانە کەبەتەواوی بەشـێوەیەکی خێـرا دەوروژێت، بۆیە پێویسـتە دایك و بـاوك نەهێڵن منداڵەکانیان هیـچ کات لە ناخەوە هەسـت بە بۆشـایی بکەن، چونکە لەکاتی وا هەوڵدەدەن ئەو بۆشیانە بە پێوەندی تر پڕ بکەنەوە. ئەو کچە دەشـڵێت (بەهۆی سەرقاڵی دایك و باوکم بۆشـاییەکی زۆر لەنێو ئەندامانـی خێزانەکەماندا بووە هۆی ئەوەی پێوەندییەکی خۆشەویسـتی لەنێوان من و کوڕێکدا دروست بێ، ئێسـتا ئەو پێوەندییە خۆشەویستیە گۆڕاوە بۆتە پێوەندیەکی سێکسی، بەڵام ئێسـتا ئەو کوڕە بەڵێنی پێداوم کە ژیانی هاوسەرگیری پێکەوە دروستبکەین).

جوان کچێکی هەرزەکاری تەمەن پانزە ساڵانە، وەك باسی لێوەدەکات دایك و باوکی زیاد لەپێویسـت نازیان پێبەخشـیوە و هەموو جۆرە پێویسـتیەکانی ژیانیان بۆ دابینکردووە، دەڵێت (نازهەڵگرتنم لەلایەن دایـك و باوکمە بۆتەهۆی ئـەوەی کە ببنە هاوڕێم و هیچ کێشـەیەك لەژیانمدا دروسـت نەبێت)، هەروەها جوان ئاماژە بەوە دەدات کەئارەزووی خۆشەویسـتی دەکات، بەڵام ئارەزووەکانی بۆسـەرکەوتن لەخوێندندا بۆتە هۆی ئەوەی هەرگیز بیر لەخۆشەویسـتی نەکاتەوە، سـەبارەت بە پێوەندییە سێکسـیەکان لەنێـو هەرزەکارەکان، جوانە دەڵێت (سـێکس بـەلای زۆر لە هەرزەکارەکانەوە خۆشـە، بەڵام من خۆم زۆر لەسـێکس دەترسـم و نامەوێت هەرگیز بچمە ناو جیهانی سێکسـی هەرزەکارانەوە و هەمیشە خۆم لەپێوەندی سێکسی هەرزەکاران دەپارێزم).

بۆ ژیانی هـەرزەکاران لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا جـوان دەڵێت (هەرزەکاران لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بوونەتە قوربانی یەکەم، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە زوڵمی زۆر لەئافرەتانی هەرزەکار دەکات، قەیرانی زۆریان بۆدروسـت دەکات و بەپێچەوانەوە ئازادی تەواوی بەخشیوە بە کوڕەکان).

تویژەرێکی کۆمەڵایەتی باس لە ئاڵوودەبوونی سێکس لەنێو هەرزەکاران دەکات و پێیوایە هەندێك لە هەرزەکاران سێکس بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بەکاردەهێنن کە لەنێوان هەرزەکاران و دایك و باوکیاندا دروستبووە، دەڵێت (بەهۆی بێبەشکردنی بەشـێکی زۆری هەرزەکاران لەخۆشەویستی دایك و باوکیان، هەرزەکارەکان بیر لەپێوەندییە سێکسیەکان دەکەنەوە).

سەبارەت بەخۆشەویسـتی هەرزەکاران، ناوبراو دەڵێت: خۆشەویستی هەرزەکاران کێشەی زۆرە، بەتایبەتی زۆربەیان رووودەکەنە چیرۆکی خۆشەویستی، زۆربەی هـەرە زۆری چیرۆکی خۆشەویسـتیەکانیش هەرەس دەهێنێـت، لەئەنجامدا تووشـی خەمۆکی و نامۆبـوون دەبن).

